# له سەنگەری دەسەڵاتێکەوە ڕەخنەگرتن له دەسەڵاتێکی دیکه، ئازایەتی نییه

**ئەمجەد شاکەلی**

دەنگهەڵبڕین دژی ناڕەوایەتی و نادادی و ستەم و نایەکسانی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پشتگوێخستنی قانوون و زۆرداری و هەموو جۆره ناهەمواریيەکی نێو کۆمەڵگه و ڕاوەستان دژی دەسەڵات و زۆر و ملهوڕی له هەرکوێیەکی جیهاندا بێت، ئەرکی هەموو مرۆڤێکه، که بڕێک هەست به بەرپرسیاریەتیی بکات. بێدەنگیی له ئاست ئەو کردارانەدا، بەشداريکردنه لەگەڵ ئەوانەی، ئەو جۆره کارانه ئەنجام دەدەن. هەڵکوتانه سەر بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و ئاگرتێبەردانیان و کوشتنی ئەندامان و هەوادارانیان، تەنێ لەبەر ئەوەی له هەڵبژاردندا نەچوونەته نێو لیستی هاوپەیمانيی کوردستانەوە، کارێکه هیچ خاوەن ویژدانێک ناتوانێت چاوی لێپۆشێت و ڕسواکردنيشی گەلێک پێویسته. لێره و لەوێ دەنگ دژی ئەو کاره ناڕەوایەی، که له دهۆکی ژێر دەسەڵاتی پارتیی دیموکراتی کوردستان و له لایەن خەڵکانی سەر به پارتییەوە بەرانبەر یەکگرتووی ئیسلامی ئەنجام درا، دەنگ بەرز بووەوە و خەڵک دژی قسەیان کرد. ئەوەی جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیه، ئەو بەیانه ناڕەزایيەی ڕۆژنامەنووسانی دەڤەری گەرمیانه[1]، که

[1] بنۆڕە ماڵپەڕی (www.kurdiu.org):

**بەياننامەى ناڕەزايى رۆژنامەنووسانى گەرميان دژى پەلاماردانى بارەگاكانى يەكگرتوو لەباديان**

ئێمە ڕۆژنامە نووسانى گەرميان بەتوندى پەلاماردانى دەزگا و بارەگاكانى يەكگرتووى ئيسلاميى لەدەڤەرى باديان و سوتاندن و تاڵان كردنى ئەم بارەگايانەو كوشتن و بريندار‌كردنى ژمارەيەک لەئەندامانى حيزبەكە مەحكوم دەكەين و بەسەرەتايەكى ترسناكى بۆكوشتنى جياوازى وفرەيى لەكوردستاندا و زاڵكردنەوەى لۆژيكى هێز بەسەر هێزى لۆژيكداى دەبينين .ڕاستە ئێمە زۆرينەمان بەبيروباوەرو تێڕوانينمان تەواو لەيەكگرتووى ئيسلامى جياين بەڵام پێمان وايە ئەم هێزە بەليستى سەربەخۆى لەهەڵبژاردنەكاندا مافێكى سادەو سەرەتايى خۆى مومارەسەكردوە كەدەبێت لەپێناوى گەڕاندنەوەى ماناو ناوەرۆكدا بۆ گەمەى ديموكراسى لەكوردستان پێشوازى لێبكرێت ،چونكە ئەكەر دەنگدان مافى سروشتى هەرئينسانێكە ئەواليستى سەربەخۆش بۆ هەڵبژاردن مافى سەلمێنراوى هەر لايەن وقەوارەيەكى سياسى‌يە ،هەروەک دەبێت هەموو جياوازيەكانيش لەڕێگاى گفتوگۆو يەكترقبوڵ كردنەوە يەكلايى بكرێنەوە.

ئێمە جارێكى تر ئەم هێرشە ناڕەوايانە ئيدانە دەكەين و داوا لە ئيدارەى هەولێر دەكەين بەپەلە تاوانباران دەست نيشان بكرێن و بدرێنە دادگاو بگەنە سزاى عاديلانەيان و ڕێگاش لەهەرچەشنە دوبارە بونەوەيەكى ئەم جۆرە ڕوداوانەش بگيرێت كەمەترسيەكى گەورەيە لەسەرپرۆسەى ديموكراسى وگۆڕان لەم وڵاتەداو دەبێتە هۆى بێمتمانەييەكى قووڵى هاوڵاتى لەهەڵبژاردن و سنوقەكانى دەنگدان .

**رۆژنامە نووسان:**

[ جەزا محەمەد-ئازاد عوسمان-مەجيد ساڵح- مەلا تەحسين گەرميانى- محەمەد حسێن- رێبين تەها-ئەركان محەمەد ڕەشيد-شيلان محەمەد-سروە جەوهەر-جوان ئەحمەد-جيهان محەمەد-پڕيار محەمەد- حەميد عەلى-لاوان ئەحمەد-محەمەد عەلى وەلى-عابد عەبدولڕەحمان-عادل حسێن- رەحمان عەلى رەمەزان -شيلان ڕۆژبەيانى-دلێرعەبدولڕەحمان-فەريق حەمە ساڵح-عەدنان سەيد حسێن - والى محەمەد-پەيمان ئەمين-سۆران پاڵانى-گەرميان حەمەخان- ئاسۆ قادر- عوسمان حەمەلەک- سوعاد حاتەم- ڕێباز عەلى حەسەن- هێمن بابان رەحيم- بيلال سەعيد-ئيبراهيم سديق-ئەمير حاجى شەريف جمور-چالاک عەبدول باقى-نەسرين ئەحمەد-سەباح عەلى جاف - ئەحمەدساڵح-كاروان مەجيد – هاوار محەمەد-ئازاد حەسەن-بيستون ژاڵەيى]

دژی پەلاماردانی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی دەریان کردبوو و ئەو دەنگەی نووسەران بەختیار عەلی و ڕێبین هەردی بوو، کە گوتبوویان لە هەڵبژاردندا وەک هاوسۆزییەک دەنگ بە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی دەدەن[2]. نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوان و قەڵەمبەدەستان زۆرجاران، کە باسەکە یا ڕووداوەکە لە ڕووی جوگرافیاییەوە برێک دوورە لە خۆیانەوە یا لە دەڤەرێک ڕوو دەدات، کە لە ژێر دەسەڵاتی خەڵکێکی نەیاری ئەو دەڤەرەیە، کە بۆ خۆیان لێی دەژین، دێنێتە دەنگ و بە ئارەزووی خۆیان ڕادەردەبڕن و قسان دەکەن. ئەو ڕووداوەی بەرانبەر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە دهۆک ڕوویدا، وەنەبێ ڕووداوێکی نوێ بێت و گەلی باشووری کوردستان بۆ یەکەمجار ئاگایان لە وەها ڕووداوێک بێت. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوویەکی پێشتری باشووری کوردستان بدەینەوە، چەندین ڕووداوی لەو جۆرە و چوون ئەوە دەبینینەوە. هەر جەنگی نێوان حیزبەکانی کوردستان، کە ساڵانێکی زۆر کوردی پێوە دەتلایەوە، بۆ خۆی یەکێکە لەو نەهامەتییانە. پەلاماردانی ئەم حیزب و ئەو حیزب و کوشتنی ئەم و ئەو لە لایەن دەسەڵاتەوە بەشێکە لەو زنجیرەیە. لە زۆر ڕووداوی ئەوتۆییدا کەسێک لەو نووسەر و ڕۆژنامەوانانە خۆیان نەکردووەتە خاوەنی کێشەکە و متەقیان لە خۆ بڕیوە. بە بەرچاوی ڕۆژنامەنووسانی گەرمیانەوە و بە بەرچاوی بەختیار عەلییەوە، لاوانی خوێنگەرمی کەلار درانە بەر دەستڕێژ، هەر لەبەر ئەوەی دژی گەندەڵی و دزیی دەسەڵات ڕابووبوون، کەچی ئەو ڕۆژنامەنووسانە نووزەیان لێوە نەهات! بە بەرچاوی ڕۆژنامەنووسانی گەرمیانەوە و بە بەرچاوی بەختیار عەلییەوە، هەر لەو دەڤەرەی، کە ئەوان لێی دەژین و دەسەڵات بە دەستی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوەیە، بەکر عەلی و کۆمۆنیستە کارگەرییەکان و موحەممەد حەللاق و هاوڕێیانی و عوسمانی قادر مونەووەر و هاوڕێیانی درانە بەر دەستڕێژ و شەهید کران و فەتاح زاخۆیی وەزیری ڕۆشنبیریی حوکوومەتی سلێمانی، تەنێ لەبەر دەنگنەدانی بۆ دەستووری سەرشۆڕکردنی گەلی کوردستان دەنگی نەدا، لە کار وەدەرنرا و دەیان ڕووداوی دیکە، کەچی هیچ یەکێک لەو بەڕێزانە دەنگ لە زارییەوە نەهات و هیچیان نەگوت. هەر بە بەرچاوی ئەوانیشەوە ئەو هەموو گەندەڵی و دزی و ساختەکاری و ناقانوونییانە هەر لەو دەڤەرە ڕوو دەدات و ئەوانیش لێیان بێدەنگن. ئەوان ئێستا، کە دەنگ هەڵدەبڕن لەبەر ئەوەیە، ئەو ڕووداوەی بە سەر یەکگرتوودا هاتووە لە دەڤەرێکە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە، کە نەیار و ملانێکاری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە. ئەگەر هاتبا و ئەو ڕووداوە لە دەڤەری ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ڕووی دابا، هەرگیز هیچ یەکێک لەو بەڕێزانە نووزەیشی لێوە نەدەهات. من چەندی بڵێیت دژی ئەو کارەی بەرپرسانی پارتییم، کە دژ بە یەکگرتوویان ئەنجام دا و بە تاوانێکی مەزنی دەزانم و هی ئەوە نییە مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک داکۆکی لە پارتیی و دەسەڵاتەکەی بکات و زۆریشم  پێباشە خەڵک دەنگ دژی دەسەڵات هەڵبڕێت و لە هیچ هەڵەیەکی دەسەڵات خۆش نەبێت، لێ هەر دەسەڵاتە دوورەکان نەبینێت، بەڵکە دەسەڵاتی دەڤەرەکی خۆی و ئەوەی، کە فەرمانڕەواییشی دەکات، ئەویش ببینێت. دەنگهەڵبڕین دژی دەسەڵاتێکی دوورەدەست، کە تۆ بۆ خۆت چ پێوەندێکت پێوە نەبێت و نانت بە دەستی نەبێت و لە ژێر دەستیدا نەبیت و ڕۆژانە لووتت بە لووتیەوە نەبێت، ڕەنگە کارێکی هێندە ئازایانە نەبێت. تۆ ئەو

---

ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان
2005/12/8

[2] ڕێبین هەردی، پێشتریش لە هەندێک گوتاریدا لە "هاوڵاتی" هەندێک جار داکۆکی لەو حیزبە ئیسلامییانەی وەک یەکگرتوو و ئەوانە کردووە، لێ بەختیار عەلی، هیچ جۆرە هەڵوێستێکی بەرانبەر ئەو هەموو ناڕەواییانەی لە دەڤەری حوکوومەتی سلێمانیدا ڕوو دەدەن نەنواندووە و هەرگیز باسی نەکردووە. دەنگدانیشیان بە هەر لایەن و حیزب و لیستێک، مافێکی ڕەوای خۆیانە و هی ئەوەش نییە منەت بە سەر خەڵکی دیکەدا بکەن.

کاتە ئازایت و ڕاستگۆی، کە ڕەخنە لە فەرمانڕەوایانی خۆت بگریت و بە سەر هەڵە و ناڕەواییاندا باز نەدەیت و چاو لە هیچ تاوانێکیان نەپۆشیت. با ڕۆژنامەوانانی گەرمیان و سلێمانی بتوانن دەنگی ناڕەزایی خۆیان دژ بە دەسەڵاتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبڕن!. با ڕۆژنامەوانانی هەولێر و دهۆک بتوانن دەنگی ناڕەزایی خۆیان دژ بە دەسەڵاتی پارتیی دیموکراتی کوردستان هەڵبڕن! دەبوو ڕۆژنامەوانان و قەڵەمبەدەستانی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی پارتیی، ئەگەر بڕێک خودانهەڵوێست و بوێر بووایەن، پێش ئەوانەی گەرمیان هاواریان کردبا و دژی دەسەڵاتەکەی پارتیی بووبایەنەوە. با ڕۆژنامەوانانی کوردستان بتوانن ڕەخنە لە تەواوی دەسەڵاتەکان بکرن! لە سەنگەری پارتییەوە ڕەخنەگرتن لە یەکیەتیی و لە سەنگەری یەکیەتییەوە ڕەخنەگرتن لە پارتیی، نە جەربەزەییە و نە هیچ هونەرێکیشی تێدایە.

2005-12-17